ئاستی ئاوی بەنداوی دەربەندیخان مەتر و نیوێك و دوكان 70 سم زیادیانكردوە



وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو ڕایگەیاند، لە هەردو بەنداوی دوكان و دەربەندیخان، زیاتر لە 100 سەد ملیۆن مەتر سەجا داهاتی ئاو خەزن كراوە. لە بەنداوی دەربەندیخان مەترێك و نیوێكك و دوكان 70 سم زیادیانكردوە، ئەوەش دوای ئەو شێپەلەی بارانبارین كە لە سێ ڕۆژی ڕابردودا ناوچەكانی هەرێمی كوردستانی گرتوە، لە چەمچەمال و لەیلان زیانی گیانی لێكەوتوە.

وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاوی حكومەتی هەرێم، ئەمڕۆ چوارشەممە لە ڕاگەیەندراویكدا بەاویكردوە، لە هەرێمی كوردستان بەنداوەكان دەستیان بە خەزنكرد بەكاریگەری دواین شێپەلی باران و لافاو لە ماوەی دو ڕۆژی ڕابردو، هەردو بەنداوی دوكان و دەربەندیخان، زیاتر لە 100 سەد ملیۆن مەتر سەجا داهاتی ئاو خەزن كراوە.

ئاماژەی بەوەشكرد، ئاستی ئاو لە بەنداوی دەربەندیخان مەترێك و نیوێك، لە دوكانیش 70 سم زیادیانكردوە، بەنداوە بچوكەكانیش لە سنوری گەرمیان و سلێمانی هەمویان پڕبون لە سنوری هەولێر یەك بەنداو پڕبوە و سەرڕێژی بوە، ئەوانیتریش ئاویان لە خەزنكراوە، لە سنوری دهۆكیش ئاوی بەنداوەكان

زیادیان کردوە بەڵام بە هۆڕی کەمتر. هەروەها کاریگەری شێپەلەکە هۆڕانی داهاتووش بۆ زیادکردنی ئاوی بەنداوە گەورەکان بردەوامە.

لایخەوە بەوەبەرایەتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی هەرێمی کوردستان ئەمە لە ڕاگەیەندراوەکدا باویکردەوە، کەشی ئەمڕی ناوچەکەمان بۆ گشتی ئاسمان هەور و هەندەکات نیمچە هەور دەبێت و کاریگەری ئەو شێپەلی بارانبارینەی هەوی لە ناوچەکە کردبو بڕەو کەتای دەچێت، هەروەها سبەی ئاسمان نیمچە هەور دەبێت و بەگشتی کەشەکە تا ڕادەیەک جێگیر دەبێتەوە.

لە هۆڕی دوشەممەوە شەپەلەکی بارانبارین هەرێمی کوردستانی گرتەوە و لە پاشنیوەڕۆی دوێنێ سەشەممەوە لافاو لە چەند ناوچەیەك دروستبوە و بەهۆیەوە دەیان ئۆتۆمبێل لە چەمچەماڵ ژێرئاوکەوتون و دو کەسیش گیانیان لەدەستداوە و ژمارەیەکی دیکەش بریندارببون. ئەوە جگەی لە گیان لەدەستدانی منداڵێکی دیکە لە لەیلانی سەر بە پارێزگای کەرکوك.